# تورکیا و یەکێتی ئەوروپا ٤٠ ساڵ چاوەڕوانی!

خەسرۆ پیرباڵ/ فینلەندا
Pirbal@hotmail.com



ماوەی ٤٠ ساڵە، تورکیا لە چاوەڕوانیدایە، بە درێژایی ئەم ساڵانە حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی کۆماری تورکیا، هەر رەنگێک و هەر پارتێکی سیاسییان بەشێوازێکی گونجاو بە بەرنامەکانیان، لە هەوڵی ئەوەبوونە کۆماری تورکیا بە زۆریش بێ بلکێننە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام هەر پارتێکی سیاسی بەشێوازێکی تایبەتی خۆی لەو هەوڵەدابوون، ئەو مەسەلەیەش وەکو پێویستییەکی ئابووری و سیاسی خۆی نواندووە، لەبەرئەوەی یەکێک لە نەخۆشییەکانی ئەو وڵاتە، بێکاری و هەژارییە، تورکیا تەنیا ئەوروپا شک دەبات ئەو گرفتەی خۆی پێوە چارەسەر بکات، تاقە هۆکارێکی ئەو هەوڵ و تەقەللایەی بۆ مەسەلەی ئابوورییە و هیچ پاڵنەرێکی فەرهەنگی و کولتووری لە پشتەوە نییە..

**پرۆفایل**

ئەگەر بە کورتی پرۆفایلی دەوڵەتی تورکیا بخەینەڕوو، ئەوە بەرەوڕووی وڵاتێک دەبینەوە، پاش ٤٠ ساڵ لە چاوەڕوانی لەبەر دەرگای یەکێتی ئەوروپادا، وڵاتێکی سەرتاسەر مووسڵمان، رێژەی بێکاری لەوپەڕیەتی، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی تورک خراپە، دەوڵەت قەردارە، هیچ کێشەیەکی میللەتان و کەمایەتییەکانی نێو تورکیا چارەسەر نەکراوە، سوپای تورکیا هەتاوەکو ئێستا هەر لە قوبرسدا ماوە، (پارێزگاری لە هێمنی و ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکات)!. هەتاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە، فەرهەنگ و تایبەتمەندی میللەتانی تر و دراوسێیەکانی خۆی قەبووڵ بکات، هەمیشە سیاسەتی دەرەوەی بریتیی بووە، لە هەڵچوون و تەهدیدکردن و نارەزایی دەربڕین و کێشە دروستکردن..

دیارە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و چاکسازیانەی کە رێکخراوە ناحکومییەکان و فەرمییەکانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا هەندێک لە گۆڕانکاری لە رژێم و سیستەم و مافی مرۆڤ و شێوازی چارەسەری گرفتی کەمە نەتەوەکانی نێوخۆی تورکیا بکات، لەگەڵ ئەوەش کە کێشەی زیاتر لە ٢٥ ملیۆن هاووڵاتی کورد و داگیرکردنی قوبرس بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانرێت، هەرگیز ناکرێت وەکو کێشەی کەمە نەتەوەکان سەیر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆسێیەکان بە کراوەیی ماونەتەوە، هیچ چارەسەرێکی سیاسی بۆ نەدۆزراونەتەوە و هەتاوەکو ئێستاش، کۆماری تورکیا، قوبرسی داگیرکردووە، وەبەرچاوی هەموو جیهان بە ئاشکرا دەست لە کاروباری نێوخۆی قوبرس وەردەدات.

ئاشکرایە، یەکێتی ئەوروپا و رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەندی جۆراوجۆریان لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، تورکیاش یەکێک لەو وڵاتانەیە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە کە بەشێوازێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکەن، ئەوەش لەبەر بارودۆخی نێودەوڵەتی تایبەت بوو، بەڵام ئەمڕۆکە، پێناچێت هیچ وڵاتێکی رۆژئاوا، بەهەمان شێوە سەیری تورکیا بکەن، ئێستا پاش ئەو گۆڕانکارییە ژیۆپۆلێتیکە نوێیانەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاش شەڕی تیرۆر و ئازادکردنی عێراق و هاتنی سوپای ئەمریکی بۆ ناوچەکە،و دامەزرانیان بەشێوەیەکی قورس، وا پێناچێت هێندە بە گرنگ و تایبەتمەندانە، سەیری ستاتوو و سەنگینی سیاسی و عەسکەری تورکیاوە بکرێ وەکوو پێشتر، ئەمڕۆکە وڵاتانی تری ناوچەکەیە، تەواوی رۆژئاوا دەتوانن هاوکاری و پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکەن، سوود و قازانجی باشیان لێوە بەدەست دەهێنن.

یەکێتی ئەوروپا، ئەگەر تورکیا وەکو ئەندام وەربگرێت، ئەوە پێشەکی دەبێت هەوڵی جددی بدات بۆ باشکردنی بارودۆخی ئابووری تورکیا، وەکو وڵاتانی تر، بەوەش دەبێت ٢٨ ملیار و ٩٠ ملیۆن یۆرۆ ببەخشێتە دەوڵەت، نەوەکو قەرز بەڵکو وەکو دیارییەک بۆ ئەوەی کۆماری تورکیا چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات.

بەخشینی پارەیەکی هێندە زۆر کە هەرگیز لە ئەژاندەی نوێی یەکێتی ئەوروپادا نییە ببیەخشێتە تورکیا، و تێکەڵبوونی زیاتر لە ٧٠ ملیۆن هاووڵاتی تورک لەگەڵ میللەتانی ئەوروپا، رێژەی مووسڵمانان زیاد دەکات لەو کیشوەرەی جیهان، زیادبوونی رێژەی موسڵمانان لە کات و ساتێکی خراپ مەترەح دەبێت، لە کاتێکدا کە کێشەی تیرۆریستی ئیسلامی و کولتووری رۆژهەڵاتیی و ئیسلامی وەکو کێشەیەکی گەرم و زەق خۆی دەنوێنێت، بە وەرگرتنی کۆماری تورکیا